# کۆبوونەوەی 8 ولاتانی دەولەمەند و پیشەسازی لە هیلینگدۆم لە ئەڵمانیا لە نێوان کێشمەکێشەکانی دونیادا

ئاسۆ حامدی

ساڵی پار بۆ نۆ گۆرانی بێژی ئێرلەندی باندی یو تو هەموو سەرکردەکانی وولاتانی 8 ی پیشەسازی خستە ژیر فشاری مۆسیقا و گەورەترین هەوڵی بۆ چارەسەری ڕەزالەتیەکانی ئایدز لە ئەفریقا دا، بۆنۆ نەک هەر دەنگ و مۆزیکی خۆشە، دەشزانێ کەی ئیعتراز بە هونەرەکەی دەکات، ئەمەش هونەری دەوێ.

ئەم ساڵ سەرۆکی ئەم وولاتانە لە ئەڵمان بەرنامەکانیان بریتی بوون لە گرفتی ژینگە بە تایبەت مەسەلەی گازی دووەم ئوکسیدی کاربۆن و گۆڕانی کەش و هەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، هەروەها مەسەلەی هەژاری وولاتانی دواکەوتوو و مەسەلەی نەخۆشی ئایدز لە ئەفریقا و گەلێ مەسایلی تری دونیا وەکو مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێران و گرژیەکانی نێوان ڕووسیەو ئەمریکا لەمەڕ دانانی ڕۆکیت و مووشەکەکانیان لە بەرامبەر یەکدا. ئەمەش لە ئەنجامی دەست پیشخەری ئەمریکا بەدانانی مووشەکەکانی لە پۆلۆنیاو چیک دا دەستی پێکردووە.
لە ڕۆستۆک لە دەوروبەری هیلینگدۆم دا زیاتر لە دەهەزار کەس بە ئیعترازو نارەزایەتی جۆراوجۆر هاتنە مەیدان، ڕاپەڕیوەکان بە شعاری جۆراوجۆر لە وولاتانی هەموو دونیا بۆ نارەزاتی و ئیعتراز هاتبوون، لە شەڕ و پێکدادانەکاندا بە دەیانیان لێ بریندار بوو و دەستگیرکران. لە نێو ڕاپەڕیوان و ئیعترازکەرەکاندا بیروباوەڕی جۆراوجۆری چەپ و ڕادیکاڵ هەبوون.
ڕاوێژکاری ئەڵمانیای خانم ئینجیلا مێرکڵ کۆنگرەکەی بە کۆنگرەیەکی سەرکەووتووی باس کرد، تاکە بڕیاری تەنها 60 ملیار دۆلاریان بۆ ئەفریقا دانا بۆ چارەسەری گرفتەکانی نەخۆشی ئایدز کە ئەلمانیا و ئەمریکا لەم ساڵەوە تا 2015 5.4 ملیاری دەبەخشن.
لە لایەکی تر سەرۆکی فەرەنسا سەرکۆزی مەسەلەی کۆسۆڤۆی هێنایە نێو باسەکان و داوای ئەوەی کرد کە ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ شەش مانگ دوابخرێ، لەلایەکی تر مێرکڵ مەسەلەی ئەتۆمی ئێران و گەمارۆکانی ئابووری لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایش ئیشارە پێدا و داوای لە ئەحمەد نەژاد کرد کە دان بە دەوڵەتی ئیسرائیل دابنێ.
لە هەمووی سەیرتر مەسەلەکانی دونیا وەکو گرفتە ئابووریەکان و شەڕ دژی تیرۆر نە هاتنە میدیا کانەوەو تەنانەت وەزعی عێراق و ئەفغانستانیش لە پەراوێزی کۆنگرە ڕۆژنامەوانەکانیش جێگایان نە بووە.
بۆتین سەرۆکی ڕووسیە دڵتەنگی خۆی بۆ ئەم وەزعە نیشاندا کە ئەمریکا دەیەوێ موشەکەکانی لە پۆلەند وچیک دابنێ و پێشنیاری بۆ مووشەکەکانی بەرگری ناتۆ و ئەمریکای داو وولاتانی تورکیە و عێراق و ئەفغانستانی بە باشتر دانا لە پۆلەند و چیک.
ڕاپەڕیوان بە دەنگی هەموو چەوساوانی دونیا بانگەوازیان کرد کە سەرچاوەی هەموو نەبوونی و هەژاری هەر خودی ئەم سەرۆکانەن و سیاسەتەکانی ئەوانن. ڕۆستۆک لەم چەندین ڕۆژەی کۆنگرەدا مەیدانی کێشمەکێشی چینایەتی بوون، کە لە رونگەی سەنگ و سووکی هێزەکان بەراورد ناکرێن.

چینی بۆرژوا و دەسەڵاتداران بە یەکگرتوو و گەلی کرێکار و نەداری دونیای بێ ڕابەری ئەنتەرناسیۆنال و پەراگەندە.
جێی داخە ئیتحادیە کریکاریەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا لەم نارەزایەتیانە بەشداری ڕاستەوخۆیان نەکرد وبەنموونە ئیتحادیەی ڕادیکاڵی وەکو ئی گا میتاڵ لە ئەلمانیا دەنگی هەردەمەی ناڕازی لەم نێوەدا وونبوو.
ئەگەرچی کۆنگرەکە خاتوو مێرکل بە سەرکەوتووی وەسف کرد بەڵام لەلایەن چاودێرانی خودی دەسەڵاتداران تەنها تاوتوێ چەند مەسەلەیەک بوون لە درێژەی کۆنگرەکانی ڕابردوو.
نارەزایەتکەران لە نێو خودی خۆیان دا لە وولاتانی جیاجیاو بیروبۆچوونی جیاجیا دا بوون، لە یابانەوە تا ئەلمان و لە فەرەنساوە تا وولاتانی ئەسکەندیناڤیایی گرتبووە خۆ. لە نێو ئەمانە گروپ و ڕێکخراوی جیا جیا هەبوون کە دەستیان بۆ توند و تیژی دەبرد و پێکدانەکانیان دەبووە هۆی بریندارى و دەستگیر کردنی یان. کە ئەمەش هەندێ گرفتی بۆ ڕێکخراوێکی وەکو گرین پیس و هەندێ ڕێکخراوی تری مرۆڤدۆست دروست دەکرد و ئەوانیش بەم تێکهەلچوونانە نارەحەت دە بوون.
ئەم دژایەتیانە لە زۆربەی کۆنگرەکانی وولاتانی 8 ی دەوڵەمەند و تەنانەت کۆبوونەوەکانی هەندێ جارەی ئوممەمی ئەوروپایش لە ستراسبۆرگ و بروسل دا ڕوودەدەن.

ئەم جارە ڕەنگە دەسەلاتدارانی 8 وولاتی دەولەمەند و پیشەسازی چەندین ملیار بە گەندەڵچیەکانی ئەفریقا بدەن تا سووکە هاوسەنگیەک لە نێوان خۆیان و سەرکردەکانی وولاتانی تری دونیا بکەن.
دەسەلاتدارانی ئەفریقایی لە دونیا دا بەناوبانگن بە فەسادی ئیداری و ڕشوە و بەرتیل و گلدانەوەی تەنانەت لە نرخی دەرمانی نەخۆشان و کۆمەکیە مرۆڤیەکانی یونیسێف و تەنانەت خواردن و خوراکەکانی گەلە برسیەکانیان.

بە کورتی کۆنگرەکە زیاتر چۆنیەتی دابەشکردنی سەروەت و سامانی سەر گۆی زەویە لە نێوان دەوڵەتە زلهیزەکاندا و هیچی تر.
هەر بۆرسەکانی داوجۆنز و تۆکیو و پاریس سەرمایەی تیاکەڵەکەبێ چارەنووسی گەلان مەسەلەیەک نیە، هەر شێل و تەکساکۆ و مایکرۆسۆفت و ..هتد زیاتر لە جاران قازانجەکانیان بە ئۆتۆماتیزمەی ئامێرەکان گەشە پێ دەدەن و دەست بەرداری خودی کۆیلەی کریگرتەکانیان دەبن و ئەمەش مەسەلەیەک نیە. کۆنگرەی
G8
هەرچی زیاتر گەشە بە ڕێکخراو بوونی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەدات و هاوسەنگیەکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆیان بەرهەم دێنێ.
لەم لاشەوە بەداخەوە جگە لە هەندێ چەپ و سوسیالیستەکانی ئەوروپا و هەندێ لە ڕیکخراوەکانی وولاتانی ئەمریکای باشوور وهەندێ ڕێکخراوی وولاتانی ئاسیا کە پەیوەندیەکی سادەیان هەیە، بەڵام هیچ بلۆک و ئۆرگانێکی بەهیزی چەپ و ڕابەرایەتیەکی ئەنتەرناسیونالی وجودی نیە. ئەم وەزعەش هێندەی تر دەولەتانی سەرمایەداری و نمایندەکانیان بەهیزتر کردووە. ئەم بێ ڕابەریەی چینی کرێکار هێندەیتر مەسەلە نەتەوەییەکان لە وولاتاندا زەقکردۆتەوە.
لە دونیای سەرمایەداری دا تەنانەت سیاسەت وەکو زانستێ بۆتە یاریەکی بەردەوام و هەر یەکێ لە

هەوڵی سەرکەوتن دایە و هەرچەندە دووریەکانیان جیهانی و هەمەلایەنەن، بەڵام لە لایەکی تردا هەریەک پاریزگاری لە سنووری بازاڕی ناوخۆی یدا دەکات. هەر ئەمەش ناسیونالیزمی دووبارە وەکو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی گەشە پێداوە.

لە کۆنگرەی ئەم جارەو هیچ کۆنگرەیەکی یاندا مەسەلەی کورد نە بۆتە مەسەلەیەک باسی لیوە بکرێ، ڕەنگە ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد وا گەشە بکات و پێناسەی ناوچەکە بکاتەوە ئەوکات لە ئایندەدا ببێتە مەسەلەی وولاتانی پیشەسازی 8. لەگەڵ ئەوەش کارخانەکانیان بە ووزەی پەترۆلی سیرت و بابەگوڕگوڕ و کرمەشان و خانەقین کاردەکەن و زێدەبایی کرێکارانی کارگەی نەوتی کوردستان بەهرەمەندن. لەلایەکی تر چەک و تۆپ و تفاقی سەربازی هەمووانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان چیاکان و گوندو دۆڵی کوردستانیان سووتاندووە و دەسوتێنن.

هۆلەند 2007